# له دژی دەسەڵات، ئەقڵ و سیستێمی باڵادەست!



## رۆژی 1973/9/11

(( NI PERDON, NI OLVIDO))



## هەرگیز لێیان نابوورین، کەس لەبیری نەچووە!




ئیمرۆ، پاش 33ساڵ لە سانتیاگۆی پایتەختی تشیلی نزیکەی 10 000کەس یادی قوربانییەکانی کودەتای سەربازی دکتاتۆر ئۆگۆستۆ بینۆشیت، کرایەوە. ئەو کودەتا خوێناوییە کە هەموو جیهانی هەژاند، لە دژی یەکەم سەرۆك حکومەتی سۆسیالیستی(سلڤادۆر ئیلندی)کە بە شێوەیەکی دیموکراسی دەسەڵاتی بەدەستەوە کرد، ئەنجامدرا. ئیمساڵ شانبەشانی کۆمونیستەکان، سۆسیالیست و حزب و گروپە چەپە جیاجیاکانیش بەشداریان لەم یادە کردو داوای دادگایی و سزادانی ئەو ژەنەڕاڵ و پۆلیسی نهێنیانە کرد کە بەشداریان لە زیندانی و ئەشکەنجدان و بێسەروشوێنکردنی هەزاران شیوعی و چەپی وڵاتەکەیان، کردووە، چونکە حکومەتی(میشیل باخلێت) تا ئێستا دادگا و سزاکانی راگرتووە. خۆپیشاندەران لەبەردەم کۆشکی سەرۆکایەتی( La Mondeda) کۆبوونەوە، رێك لەو شوێن و کاتە کە سەرۆك سلفادۆر ئەلیندی پێش 33ساڵ لە رادیۆوە دوا وشەی خۆی بۆ گەلی شیلی راگەیاند. لەم کاتە سەرۆك گوێی بە ئۆلتیماتۆمی کودەتاکەران نەدا و تی: (بەبێ ئەوەی بمەوێ شەهید ببم: تاقە هەنگاو بۆ دواوەوە نارۆم. من ئەو کاتە لە(مۆنیدا)دەردەچم، ئەگەر وەکالەتەکە پڕکرایەوە، ئەو وەکالەتە کە گەل بە منی داوە. من هیچ ئەختیارێکیترم نییە.). شایانی باسە، هەفتەیەك پێش کودەتاکە، نزیکەی یەك ملیون کەس لە شەقامی(شیلی دی سانتیاگۆ) خۆپیشاندانیان رێکخست بۆ پیشاندانی پشتیوانیان بۆ حکومەتی ئەلیندی.











پاش ئەوەی لە قسەکانی بووەوە، داوای لە پارێزەرەکانی کرد، خۆیان بەدەستەوە بدەن. ئەمجار کۆشکەکە بۆردومان کرا و لەلایەن سەربازە فاشیستەکانی کۆدەتاکەوە، گولەرێژکرا.



لەم خۆپیشاندانەدا، کۆشکی مۆنیدا کە سمبولی دەسەڵاتدارەکانی حکومەتی چەپی ناوەڕاستە ، بەر مۆلۆتۆف کۆکتێل درا و پەنجەرەکانی ئاگریان تێبەربوو. توندوتیژی ئەم جارەیان لەپێناو لابردنی ناعەدالەتی حکومەت لە بواری سیستێمی فێربوون، تەندرووستی و خانەنشینی.




زۆربەی خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە خۆپیشاندانیان کرد و زۆر بە تانس و چەپڵەڕێزانەوە، سروودو گۆرانیان دەوت و بەتایبەتی سردوودی بەناوبانگی بەرگری( Elpueplo unido)کە لەلایەن سیرگیو ئۆرتیگۆ دانراوە. گروپەکانی دەهۆڵلێدان، توندوتیژی بەکارهێنانی گولەی پلاستیکی و ئاوڕشی پۆلیسەکان، لەبیردەبردەوە.

گۆڕستانە گەورەکەی سانتیاگۆ خاڵی گەیشتنی خۆپیشاندانەکە بوو کە شوێنی قوربانیانی کودەتا ڕەشەکەی بینۆشیتە و بەتایبەتیش لەوێ یادی سروودبێژی بەناوبانگی شیوعی ڤیگتۆر گارا و سلڤادۆر ئەلیندی دەکرێتەوە.

کاتێ خۆپیشاندانەکە گەیشتە باکوری سانتیاگۆ، پۆلیس بە فیشەکی پلاستیك و ئەسپ سووار و کوتەك و ئاوڕشی تێکەڵ بە گاز هێرشیان بۆ خۆپیشاندەران دەبردو قوتابییە لاوەکان لە خەمەوە فرمێسکیان دەڕشت و کاتێ هێرشی پۆلیسەکان هەر درێژەی بوو، و بۆمبێکی گازی بەر کیژێك کەوت، قوتابییەکان خۆپیشاندانەکەیان بەجێهێشت، تەنانەت کاتێ خۆپیشاندەران گەیشتە ناو گۆڕستانە و





دەبوو ئیدی پۆلیسەکان بکشێنەوە و بارودۆخەکە ئارام بێتەوەو لێگەڕێن کەسوکاری خەباتگێڕەکان و هاوڕێ و دۆستەکانیان یادەکەیان بکەنەوە، کەچی پۆلیسەکان هەر درێژەیان بە توندوتیژی خۆیان دەدا و گازەکەیان بەر گۆڕەکانیش کەوت، بەلام سەرباری هەموو توندوتیژییەکان بەشداربوویەکی لەبەرچاوی خۆپیشاندانەکە گەیشتن بۆ گۆڕەکەی(ڤیکتۆر گارا)ی کۆمونیست و تابلۆی ناوی یادوەران.



ڤیگتۆر گارا تا دوا هەناسە بە گیتارو ئاواز و گۆرانییەکانی لەگەل حکومەتی گەلی شیلی خەباتی کرد و رێك لە 9/11دا دەستگیرکرا و بە درێژایی پێنج رۆژ ێ لە یاریگای تۆپێنی سانتیاگۆ ئەشکەنجەدرا. کودەتاکەران چەنجەکانیان شکاندا و پاشان داوایان لێکرد سروودی(Venceremos) بلێت، گارایش بە بەنجەی شکاوەوە سروودەکەی وت و جەلادەکان دایانە بەر لێدان و پاشان کوشتیان).

خەڵکی شیلی ئێستایش ئەم سرووده لەلای گۆڕەکەی دەڵێنەوە و لە هەموو شوێنێك گوێی لێ دەگرن. هەمووساڵێك لەم رۆژە، گۆڕەکەی گارا بە سەددان دەستە گوڵی سوور گۆڕەکەی دەڕازێننەوە و هاوڕێیانی حزبی شیوعی و برادەر و کەسوکارەکانی ووتارەکانیان دەخوێننەوە....

خۆپیشاندەران بە بێدەنگی لەناو تەمی گازی پۆلیسەکان کشانەوە....

## NI PERDON...NI OLVIDO

ئەم وتارە لە ئیندی میدیا بە کورتکراوی وەرگیراوە

## 12ی سێپتێمبەر، ڕۆژی ناڕەزایەتی جیهانی کرێکارانە لە دژی تۆیوتا

**هەر لە نەمساوە تا هیندستان و ئۆکرانیا کرێکاران لە دژی مامەڵەکردنی کۆمپانیای تۆیوتا لە فیلیپین**







لەگەڵ کرێکاران، ناڕەزایەتی دەردەبڕن. ئەم کۆمپانیایە کە لەلایەن ئەفسەرێکی فاشیستی یابانی دامەزرا، لە فیلیپین هەستاوە بە دەستگیرکردن، دەرکردنی کرێکاران و بەناهەق ڕێگریانی لێ کردوو لەبارەی بەکارهێنانی مافە سەندیکایی سەرەتاییەکانیان.

12کرێکاری کۆمپانیای فرەڕەگەز(تۆیوتا مۆتۆر فیلیپس)لە ڕۆژی2006/8/16لەکاتی خۆپیشاندان لەبەردەم وەزارەتی کار، دەستگیرکران و هێزی ئاسایش تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد، بەڵام هیچ کرێکارێک نەکوژراو تەنها چەند کرێکارێك بە هۆی دەستەویەخەبوونیان لەگەڵ پۆلیس، بریندار بوون و 21 خۆپیشاندەر دەستگیر کرا. خۆپیشاندانەکە لەپێناو دانپێنان بە سەندیکاکەیان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی گرێبەستی ڕێکخراوە.

ئەمە یەکەم جار نییە ئەم کۆمپانییە فرەڕەگە پەنا بۆ بێکارکردن و زیندانی بە کۆمەڵی کرێکارەکانی، لە رابردوودا، 1300کرێکاری کۆمپانیای تۆیوتا(تۆیوتا کیرلۆسکار مۆتۆر) لە هیندستان بۆ ماوەیەکی کورت دەستگیرکران پاش ئەوەی لەبەردەم




بیرۆی سکرتارییەتی کرێکاران کۆبوونەوە. هۆی ئەو کۆبوونەوەیە، ناڕەزایەتی دەرخستنە لە دژی دەرکردنی3 کرێکاری هاوپیشەیان بوو. هەروا لە ڕۆژی 3/16ی ڕەشدا بۆ گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی، کۆمپانیای(تۆیوتا مۆتۆر فیلیپس گۆرپ)کە شەریکی کۆمپانیای تۆیۆتای یابانییە لە فلپین، 290 کرێکار لەسەرکار دەرکردو 30کرێکاریتریشان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە کاردوورخست. هۆی ئەم بەکۆمەڵ بێکارکردن و دوورخستنەوەیە ئەوەیە کە ئەو کرێکارانە وەك شاندێك چوون بۆ وەزارەتی کار تا لە دادگاییکردنێکدا گوێبگرن!



پەتای کۆچکردنی بەکۆمەڵ ڕووبەڕووی ئەم وڵاتەش بووە و بەگوێرەی ڕاپۆرتێك کە لە(لابوە نێت)بڵاوکراوەتەوە، 000 100مرۆڤ وڵاتەکەیان بەجێهێشتووە تا لە وڵاتانی تر کاریان دەستبکەوێت و زۆربەیان ژنانی خاوەن بڕوانامەن و زمانی ئەنگلیزیش قسەدەکەن.

بەڵام ئەگەر وردتر سەرەنجی بارودۆخی کرێکارانی فلیپین بدەین، دەبینین هەر لە دەسەڵات گرتنەدەستی(ئەرۆیۆ)لە ساڵی2001تا 2005، بە شێوەیەکی فەرمی ناونووسی953جار زەبروزەنگ بەکارهێنان کراوە لە دژی مانگرتن و ناڕەزایەتی دەرخستنی کرێکاران، واتە هەر سێ ڕۆژ جارێك بەدرێژایی کاتی کارکردنی ڕۆژانە. لە ئەنجامی ئەم زەبروزەنگی ئەم جەنگە بەرفراوانە نزیکەی000 30کرێکار دەناڵێنن. حکومەتی فلیپین دەست لە کوشتنی پارێزەرانی

مافی مرۆڤ ناپارێزێ:

لە 2006/4/24دا، رابەری جووتیاران و پارێزەرێکی مافی مرۆڤ بەناوی(Eric Cabanit)لە شارەکەی(داڤابۆ)کە دەکەوێتە دوورگەی(Mindanao)لە گۆڕەپانی گەورەی شارەکە، گولەڕێژکراو کچەکەیشی برینداربوو. ئیریك سکرتێری گشتی بزووتنەی بێ زەوییەکان بوو و خەباتی دەکرد لەپێناو ریفۆرمکردن و پاراستنی مافی خۆراك کە بەم هۆیەوە ڕووبەڕووی ئۆلیگارشی لادێیەکان بووەوە و نەوکەرەکانیان کوشتیان.

## سپانیا:



پتر لە19مانگە، 4300کرێکار لە کارگەی(فۆلکس ڤاگن) لە(Navarra) سەر بە ناوچەی باسك خەبات دەکەن لە دژی ناچارکردنیان بە قبوولکردنی ڕێککەوتنی نوێی کاری کارگە کە تێیدا لەناوبردنی هەموو ستاندارە کۆمەڵایەتییەکان نووسراوە. لەدوا قۆناغی خەباتیاندا لە ناوەڕاستی ئەم ساڵ، سەرەڕای هەڕەشەکانی سەرۆکەکانی کۆمپانیای زلهێزی فۆلکس ڤاگن لە فۆلڤسبۆرگ(ئەلمانیا)لە دواییدا بۆ داخستنی کارگەکە، مانگرتن و خۆپیشاندان هەر درێژەی هەبوو....

لە ئەنجامدا گرێبەستەکە 4٪کرێکار زیادبوو تا ساڵێك و تەنها بۆ یەکجار 1000ئۆیرۆ بە هەر کرێکارێك دەدرێ و لەبەرامبەریدا 4ڕۆژ کار لە ساڵێکدا زیادکرا. لەدواییدا قسەکەری ئەنجومەنی کارگەکە(بینیتۆ ئوتێرگا) وتی: ئێمە پاش ئەمەش هەر درێژە بە خەبات دەدەین.

## کۆستاریکا



(Orlando Barrantes)سکرتێری گشتی سەندیکای مۆزە سزا زیندانی لەسەری سەپا. ئەو و چالاکێکی تر بەوە تاوانبار کراون کە لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی2000، لە خۆپیشاندانەکەیاندا زەبروزەنگیان بەکارهێناوە. سەندیکای کرێکارانی مۆز دەڵێن، ئەو تۆمەتبارکردنە جۆرە هەڵویستێکە بۆ ترساندنی خەباتگێڕە سەندیکایەکان.

کۆستاریکا دوا دەوڵەتی ئەمریکای ناوەڕاستە کە کاندیدی ئەمریکایە و هێشتا رێککەوتنامەی بازرگانی ئازاد نێوانیان ئیمزا نەکردووە. ئەمە کاکڵەی پشتخانی سیاسی کەمپینی تیرۆرکردنی سەندیکاییەکانە، ئەوانەی کە لەلایەن راگەیاندنە بۆرژواکانەوە بە"تاوانبار"ناوزەد دەکرێن. ئا بەو شێوەیە کۆمینتار نووسەرەکانی رۆژنامە گەورەکانی وڵاتەکە، سەندیکاییەکان بە "زیانبەخش بە ناتسیونەکەمان" ناوزەدکرد.



سەندیکای خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان ناوەندی بەرگرییە لە دژی بازرگانی ئازادو بە شێوەیەکی گونجاو لە دژی سیاسەتی تایبەتکردنی کەرتە حکومەتییەکان. لەلانی کەمەوە ئەم سەندیکایە 4 هەوڵی یاسایی بۆ تایبەتکردنی موڵکایەتی دەزگا خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت، هەڵوەشاندووە. هەروا لە سان خوسێ نزیکەی25 000مرۆڤ خۆپیشاندانیان کرد لە دژی ئیمزاکردنی پەیمانی بازاڕی ئازاد- دانیشتوانی ئەم وڵاتە 4ملیون کەسە- ، واتە ئەمە خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەرین بووە.



## شیلی:

### مانگرتن لە گەورەترین کۆمپانیا مس درووستکردن لە جیهان

پاش 25رۆژ لە مانگرتن و چالاکی جۆراوجۆری کرێکارانی گەورەترین کانەی مس(Escondid)لە جیهان، سەرکەوتوانە، کۆتایی پێهات. رۆژی سێشەمەی رابردوو، کرێکاران لە کۆبوونەوەی گشتیاندا، بە زۆربەی دەنگ گرێبەستێکی نوێیان قبووڵکرد. نزیکەی5000کرێکار وەك کرێکاری کاتی کاردەکەن. کۆمپانیای فرەڕەگەزی ئوسترالی(بیلیتۆن)و(رییۆ تینتۆ) کە خاوەن کاری کانە مسەکانن،5٪ی کرێی کار زیاددەکەن و تەنها بۆ یەکجار، بەهەر کرێکارێك13 000ئۆیرۆ دەدەن. قسەکەری سەندیکاکەیان(فرانسیسکۆ ئایدا)رایگەیاند کە ئەو کرێی کار زیادکردنە لەلایەن1607لە کۆی 2050کرێکاری مانگرتوو، قبووڵ کراوە. ئەو گرێبەستنە بۆ ماوەی 40 مانگە.

کرێکارانی شەمەندنەفەر، بەندەر، خوێندکارانی زانکۆو قوتابیان، تا سەرکەوتن بەسەر خاوەن کۆمپانیاکە، هاوپشتییان لە کرێکارەکان کرد.

.....

## لە ئەمریکاوە تا پاکستان، لە مەکسیکەوە تا ئەلمانیا و کوردستان: مامۆستایانی جیهان یەکگرن!

+ **ئەمریکا**: رۆژی 2006/8/27، نزیکەی 9000مامۆستا لە شاری دیترۆید نزیك بە یەکدەنگی، دووبارە بڕیاری مانگرتنی گشتیان دا لە دژی داخوازی ئەیالاتی مێشیگان لە مامۆستایان بۆ ئەوەی سالآنە هەر یەکێکیان لە کۆی موچەکەیان لە10 000دۆلار خۆشبێت. مامۆستایانی ئەم شارە لە 1999وە لە خەباتیاندا لەپێناو زیادکردنی موچەکانیان، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

+ **پاکستان**: مامۆستایان لە شار(Sindh) سەرەڕای فشارهێنان و هەوڵی سەرکوتکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، درێژە بە خەباتیان دەدەن لە دژی یاساغکردنی سەندیکاکەیان. چەندین رابەری سەندیکای مامۆستایان دەستگیرکران، بەڵام بە هۆی فشاری بزووتنەوەکەیان، بە کەفالەت ئازادکران و هەندێکیان دووبارە دەستگیرکرانەوە.

+**مەکسیك**: لەپێناو زیادکردنی موچەکەیان و باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، مامۆستایانی لە شاری()، خۆپیشاندان دەکەم و لە پێناو داخوازییە رەواکانیاندا، 2 مامۆستا شەهید دەکرێ، بەڵام لە پاشاندا هەموو جەماوەری شارەکە پیشتوانی لە داخوازییەکانیان دەکەن و هەموو دەزگاکانی حکومەت داگیردەکەن و حکومەتی خەڵك رادەگەیەنن.

**ئەلمانیا**: دەیان پرۆفیسۆر، سکرتێری حزبی شیوعی، وەزیری ژینگە، سکرتێری حزبی سەوزەکان، چەندین نوێنەری پارتی چەپ و سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەمانی ئۆروپی و لە ئەلمانیا، ئەکتەروهونەرمەندو نووسەر، سکرتێری چەندین رێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئەلمانیا، نارەزایەتی خۆیان دەربڕی لە دژی یاسای دوورخستنەوەی مامۆستایان لەسەرکار بە هۆی سیاسییەوە(لە 1972وەوە سەددان مامۆستای شیەعی و ئەنتی فاشیست لەکار دەرکراون و ناوی هەموویان هەیە)و داوای لابردنی ئەو یاسایە دەکەن و ئەمەش دەقی بانگەوازەکەیانە:

(ئێمە نارەزایەتی خۆمان دەردەبڕین لەدژی سەرلەنوێ زیندووکردنی کرداری پیشە یاساغکردن لە لایەن ئەیالاتی هێسن و بادن-ڤویرتنبۆرگ. پیشەیاساغکردن مافی مرۆڤ زەدە دەکات و کەشوهەوای ترساندنی سیاسی دەخولقێنێ. ئێمە داوادەکەین دەستبەجێ مافەکانی مامۆستا( Michael Csaszkozy)بۆ بگەرێتەوە کە لە 2003وەوە بە هۆی چالاکییەکانی لە دژی جەنگ و فاشیزم لە کارەکەی دەرکراوە.)

ئەم بانگەوازە لەلایەن ئەم ناودارانەی خوارەوە پشتیوانی کراوە:



gina Schmidt-Kühner, Mitglied der SPD ıdtagsfraktion Baden-Württemberg



Peter Sodann, Schauspieler



Harry Rowohlt, Übersetzer, Autor und Schauspieler



Esther Bejarano, Musikerin, Vorsitzende des Auschwitz-Komitees in der BRD



Prof. Dr. Heinrich Fink, Professor für Theologie und ehemaliger Rektor der Humboldt-Universität Berlin



Irmingard Sche Bundestagsab Bündnis 90/D



Inge Höger-Neuling, ıdestagsabgeordnete, Die LINKE



Dr. Rolf Gössner, Präsident der Internationalen Liga für Menschenrechte



Claudia Roth, Bundesvorsitzende Bündnis 90/Die Grünen



Peter Gingold, Widerstandskämpfer, Überlebender des Holocaust



Kai Degenhardt, Musiker



Joc Landesvorsitzende



Konstantin Wecker, Liedermacher



Claus Wichmann, Mitglied der SPD Landtagsfraktion Baden-Württemberg



Chaoze One, Rap-Musiker



Petra Pau, Bundestagsabgeordnete, Die LINKE



Franz Josef Degenhardt, Liedermacher



Sarah Wa M Europa



:armen Ludwig, stellv. andesvorsitzende der GEW Hessen



Jan Korte, Bundestagsabgeordneter, Die LINKE



Udo Lindenberg, Musiker



Leni Breymaier, Stellv. Vorsitzende des DGB Baden-Württemberg



Prof. Dr. Norman Paech, Professor für Völkerrecht, Hamburg



Dr. Eva-Ma Bundesvorsitzend



Sabine Zimmermann, ıdestagsabgeordnete, Die LINKE



Anne Rieger, Landessprecherin VVN-Bund der Antifaschisten Baden-Württemberg



Eckart Spoo, Redakteur der Zweiwochenschrift 'Ossietzky'



Dietrich Kittner, Kabarettist



Horst Bethge, Sprecher Initiative "Weg mit den Berufsverboten"



Theresia Ba Fraktionsvorsitzende ( im Landtag \ W



Nele Hirsch, ıdestagsabgeordnete, Bildungspolitische Sprecherin der Linksfraktion



Lorenz Knorr, Widerstandskämpfer gegen das NS-Regime, Bundessprecher der VVN-BdA bis 1994



Sabine Leidig, Bundesgeschäftsführerin von attac



Michael Clivot, Juso-Landesvorsitzender Saarland



Prof. Dr. Albert Scherr, Professor für Soziologie und Pädagogik, Freiburg



Kersten Bundestagsabgeo



Eva Bulling-Schröter,



Prof. Dr. Frank Nonnenmacher, Profesor für Didaktik der



Heinz Stehr,



Tobias Pflüger,



Barbara Haas, stellv. Landesvorsitzende der GEW



Prof. Dr. Rainer Rilling für Soziologi

ndestagsabgeordnete, Die LINKE

Sozialwissenschaften, Frankfurt

Bundesvorsitzender der DKP

Mitglied des Europaparlaments

Baden-Württemberg



Sevim Dagdelen, ndestagsabgeordnete, Die LINKE



Prof. Dr. Brigitte Stolz-Willig, Professorin für Politologie, Frankfurt



Prof. Dr. Werner Ruf, Politologe und Friedensforscher



Prof. Dr. Ludwig Elm, Historiker



Heike Hänsel, Bundestagsabgeordnete, Die LINKE



Prof. Dr. Moru Professor für P



Hüseyin Aydin, destagsabgeordneter, Die LINKE



Dr. Gesine Lötzsch, Bundestagsabgeordnete, Die LINKE



Prof. Dr. Wolfgang Methling, Umweltminister des Landes Mecklenburg-Vorpommern



Prof. Dr. Wolf-Dieter Narr, Politikwissenschaftler, Komitee für Grundrechte und Demokratie



Henry Mathews, Geschäftsführer des Dachverbandes der Kritischen Aktionärinnen und Aktionäre



Die Musikerinnen und Musiker von Chumbawamba



Irie Revoltes (Ragga-Band)



ZSK (Punk-Band)

## مەکسیکۆ:Oaxaca :






بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سەندیکاییە لۆکاڵییەکانی ئەم شارە لە دژی حکومەت راپەڕیون و ئەوە چەندین مانگە درێژەی هەیە. حکەمەت

لە مانگی شەش <حکومەتی گەل> بەوبەڕی توندوتیژییەوە رووبەڕوویان بووەوە. ئێستا بنکەی تەلەفزیون و رادیو و چەندین فەرمانگەی حکومەت لەلایەن جەماوەرەوە دستیان بەسەرگیراوەو بە خۆیان بەرنامەکان پەخشدەکەن. بارودۆخی ئەو شارە سەرلەنوێ ئاڵۆز بووە و هێزەکانی پۆلیس و پارامیلیارەکان(وەك شەرکەتەکە بەدناو و خوێڕێژەکەی شاڵاو عەلی عەسکەری) لەسەر شەقامەکانی ئەو شارە، پەلاماری کەسایەتییە چالاکەکان دەدەن و دیانرفێنن یان دەیانکوژن.





خۆپیشاندان و مانگرتنی مامۆستایان لەپێناو زیادکردنی موچەکەیان و لە دژی گەندەڵی لە پرێکدا گەشەیسەند بۆ راپەڕینێکی جەماوەری و هەژارو زەرەرمەندەکان لە سیاسەتی حکومەت چوونە ریزی خەپیشاندەران و درووشمی( ئونیسۆنۆ ڤینسریمۆس-ئێمە سەردەکەوین- بەرزکردووەتەوە.

قسەکەری سەندیکای مامۆستایان(Enrique Rueda Pacheco) وتی: ئێمە چیتر هەنگاوێکیش ناکشێینە.). تا ئێستا چەندین مامۆستا کوژراون و دەستگیرکراون، بەڵام لە موقاوەمەتەکەیاندا پاشەکشێیان بە 3000 پۆلیس کرد.

راگەیاندنەکانی حکومەت باسی پەیداکردنی چەك دەکەن لە ناو سەندیکای مامۆستایان!

+ **کوردستان**: لەپێناو زیادکردنی موچەو باشکردنی بارودۆخی ژیانیان، مامۆستایان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر مانیانگرت؛ لە پێنجوێن هەڕەشەی مانگرتن دەکەن؛ ئەوجا هەڕەشەی مانگرتنی گشتیش کرا. مامۆستایان لەم خەباتەدا، سەرکەوتنیان بەدەستهێناو حکومەت لە6/17دا بڕیاریدا، موچەکانیان بۆ زیاد بکەن. لەم مەیانەدا، فەرمانبەرانی پەروەردەی کەلار لە17ی2006/9/ مانیان گرت و ئەمانیش داوای زیادکردنی موچەکانیان دەکەن و لەهەمان کاتدا هەواڵی مانگرتنی فەرمانبەرانی پەروەردەی سلیمانی بلاوکراوەتەوەو تا نووسینی ئەم وتارە، هەواڵەکە پشتڕاست نەکراوە. بەهەڵەداچووە ئەوەی پێیوابێت رووداو و شێوەکانی خەباتی چین و توێژەکان لێکترازاون و خەباتی مامۆستایان نموونەیەکی جیهانی لەبەرچاوەو ئەگەر یەکێك لەم بارەیەوە گومانی لەم بۆچوونە هەیە، ئەوا دەکرێت زۆر بە ئاسانی ئاماژە بۆ خەباتی قوتابیانی شیلی، ئەلمانیا و ئۆروپا، ئەمریکا...هتد لە پێناو مافەکانیان بکات و هەر هەمان بۆچوون لەبارەی شێوەکانی خەباتی کرێکارانەوە درووستە و شیوعییەکان پێش هموو لایەنێك بەرپرسیارن لە گەیاندنی ئەم جۆرە هەواڵانەو پشتیوانی دەرخستن

له سەر ئاستی جیهان. ئەگەر بچووکترین کاڵا(دەرزی، باتری و حەپ)تا کاڵا گەورەکان(فڕۆکە، گەشتی، ئۆتۆمبیل، تەلەفزیون ساردکەرەوە و کۆمپیوتەر)سروشتێکی جیهانیان هەبێ، بۆچی پێمانوابێت خەبات، ژیان و داخوازییەکانی کرێکاران و جووتیارانی کوردستان و چەوسانەوەی ژنان، جیهانی نین، بە مەرجێك ئێمە لەسەردەمی جیهانگیری تێدەپەڕین؟!

## گفتوگۆ لەگەل ژنانی سندیکایی: یودت روبیۆ(سکرتێری سەندیکای-Provida-)و رۆزیتا نۆڤوا(ئەندامی سەندیکای کرێکارانی شیمیا) و لیلیانا جایتا-سکرتێری سەندیکای( سۆدیماك) و مارسێلا کۆرنیژا جاران سکرتێری سەندیکای(Proteccion)بوو.

## ئەگەر خەباتی سەندیکایی بەدەستی ژنانەوە بەڕێوەوە بچێت...

لەبەر ئەوەی رۆژی زۆربەی ژنان لە رابەرایەتی سەندیکاکان بەش ناکات، بۆیە دەبێ لەماڵەوەشدا تا شەو درەنگانێ کاربکەن بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشە جۆراوجۆرەکانیان بدۆزنەوە کە رۆڵی جیاوازیان هەیە لە شوێنی کارکردن، خێزان و لە سەندیکا و باریان قورسدەکەن. سەرەڕای ئەم بارقورسە هەمەلایەنە، ئەم ژنانە هاودەنگن لەبارەی ئەوەی کە دەبێ بەهێزتر کارەکانیان ئەنجام بدەن. ئەم ژنانە شتی هاوبەشی زۆریان هەیە و نوێنەرایەتی پتر لە 3000کرێکار دەکەن. یودت هێشتا سەڵتە دەتوانێ بە حەماسەتێکی زۆرەوە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی لە گەل ژیانە تایبەتییەکەی رێك بخات. رۆزیتا دایکی دوو منداڵە و مارسێلا خاوەن 4منداڵە و هەردووکیان لە هاوسەرەکەیان جیابوونەتەوە. لیلیانا چاوەڕوانی لەدایکبوونی سێهەم منداڵییە و هاوکاری هاوسەرەکەی بۆ کاری ناوماڵ، دابینکردووە.

پرسیار: ژنان دەتوانن بە چ شێوەیەك بەشداری بکەن تا بزووتنەوەی سەندیکایی بتوانێت بەسەر لاوازی و بەرتەسکبوونیدا، سەربکەوێت؟

**یودت:** ئێمەی ژنان دەتوانین بەشدارییەکی جەوهەری بکەین، چونکە بە شێوازێکیتر مامەڵە لە گەل دەسەڵات دەکەین و زۆر لەو بارەیەوە هۆشیارین کە دوور لە پلەوپایەکەمان، بۆ کەسانێك کاردەکەین، متمانەی خۆیان بە ئێمە داوە. بە پێچەوانەوە دەسەڵات لەلای پیاوان رۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە. من بڕوام وایە، گۆڕانێکی گەورە پێش دێت ئەگەر ئێمەی ژنان لەناو رێکخراوەکاندا بتوانین هێزێکی زیاتر پێکەوە گرێ بدەین.




**لیلیانە:** بەهۆی فرەلایەنی بارگرانیمانەوە لە پیشەو لەناو خێزاندا، قودرەتیکی زۆرمان هەیە لە بواری رێکخستن و هۆشیاریمان لەبارەی ئامانجەکانمانەوە، ئێمە لە پیاوان هۆشیارترین. ئێمە بە شێوەیەکی مەنهەجی بەرخورد دەکەین و بەگشتی لە پیاوان، رێکوپێکترین. ئەمە وای لێکردووین، رەهەندێکی ترمان هەبێ لەبارەی چۆنییەتی رابەرایەتی کردنی سەندیکا و چ گۆڕانکارییەك پێویستە بکرێت.

**رۆزیتا:** ئێمە لە شوێنی رابەرایەتی کردندا ئەو کاتە تواناکان بەرفراوان دەکەین، ئەگەر نوێنەرایەتی پێگەی ژنان بکەین کە جگە لە پسپۆڕی دەتوانێت پەیوەندی بە ویژان دامەزرێنێت. مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە ململانی لەگەل پیاوان بکەین و پێگەی دەسەڵاتەکەیان لەدەستیان وەرگرین.

**مارسێلا:** بەداخەوە گۆڕینی نەوەکان بەس ناکات و دەبێ لە ئاستی پەیوەدنی رەگەزەکان، نوێکاری بکرێت. ژنان لە بواری کاری سەندیکاییدا، زیاتر لە هاوڕێ پیاوەکانی چالاکە، چونکە بە شێوازێکیتر مامەڵە لە گەل ژیان دەکات و بەلایەوە گرنگ نییە لەناوەڕاستی

ڕاگەیاندنەکاندا ڕاوەستی. کاتێ زەنگی کاری عەمەلی لێدەدات، دەڕۆین بۆ بینینی لاوەکان و بۆیە من لەو بڕوایەدام هەرکەسێك ماوەی18تا 20ساڵە ڕابەرایەتی بوارێکی سەندیکا و ئاراستەی ڕەوتی دەکات، کاتی بەسەر چووە، گەرچی ئەوەش ڕاستە کە ئەوان سەخترین قورسایی سەردەمی سەندیکا لە سایەتی دیکتاتۆرییەت، هەڵگرتووە، بەڵام ئەمە هیچ هۆیەك نییە، شوێنەکانیان بۆ نەوەی نوێ بەجێ نەهێڵن.

پرسیار: ژنان تا دێت زیاتر ڕوو لە بازاڕی کار دەکەن. ئەو بازاڕە چۆن پێشوازی لە ژنان دەکات؟

یودت: بازاڕ بایەخ بە جیاوازی ڕەگەزی نادات، بەڵکو تەنها بە بەرژەوەندییەکانی لە سوودوەرگرتن لە سەرمایە. ئەگەر ژنان بە کرێی کاری کەمترو ئامادە بن کارێکی زیاتر بکەن، ئەوا دەبنە سەرچاوە بۆ بازاڕ. لە بواری ئەو خزمەتگوزارییە من کارتی تێدا دەکەم، 75٪ی ژنانن و نزیکەی 40٪یان بەرپرسیارن لە کاری ناوماڵ، بۆیە ناتوانن هەر وا بە سانایی یاری بە چارەنووسی کارەکەیان بکەن. ئێمە لە سەندیکای0پرۆفیدە) چەند دەستکەوتێك لەبواری مافی پاراستنی دایکان بەدەست هێنا، بەڵام دەبوو خەباتێکی بێوچانیان بۆ بکەین.
ڕۆزیتا: من لەو بڕوایەم کە ژنان لاوازترین کۆتن لە زنجیری جیهانی کاردا. ئێمە بەرێزەوە سەیرمان ناکرێت و زۆرجار دەبینە قوربانی دەستدرێژی و لەبەراوردکردن لەگەڵ پیاوە هاوپیشەکانماند، کرێی کاری کەمترمان پێدەدەن. کاتێ ژن ماڵەکەی بەجێدەهێڵێت، ئەرکێك بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو ئەرکێکیتری دێتە سەر.

پرسیار: بۆچی ئەوە ژن بە کەمی لە ڕابەرایەتی سەندیکاکاندا هەیە؟

لیلیانە: کەم ژن هەیە متمانەیان بە خۆیان هەبێ رۆڵێکی باڵادەست لەئەستۆ بگرن. لە سەندیکای(سۆدیماک)دا، 50٪ هێزی کار لە کرێکاری ژن پێکهاتووە، بەڵام کەمیان هەیە لەبەر رێگرە جۆراجۆرەکان ئامادەییان تێدابێ بۆ کاری سەندیکایی. کاتێ ژنان بە گیان و




رۆحی خۆی دەبینێ خزمەتگوزاری منداڵان نییە، چونکە گوایە شتی وا نابێ بکرێت، دەستدەکەن بەوەی خەریکی بەخێوکردنی منداڵان بن و لە پێناوی ئەم ئامانجەدا کار بکەن.



رۆزیتا: زۆر ژن هەیە لە قاعیدەی سەندیکا چالاکن، چونکە ئەم کارە لە چواچێوەیەکی پارێزراو دەکرێت و متمانەیان پێ هەیە. ئێستا سەختە بۆ ژنان ئەم بوارە بەجێبهێڵن تا لەو بارەیەوە هوشیار بن کە توانایەکی زۆر لەوە زیاتریان هەیە بۆ کارکردن. بەرپرسانی یەکێتی سەندیکاکان پێیان خۆشحاڵ دەبن بە زیاد بوونی ژمارەی ژنان لە سەندیکاکە، بەڵام سەختە لە گەل ژنان کاری سەندیکایی بکرێت. ئەوە سەختە کە لە کۆبوونەوەیەك بەشداری دەکەن و لە هەمان کاتدا دەبێ کاری ناوماڵ ئەنجام بدەن. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئێمە شوێن کارێکمان بۆ ژن رێکخست تا خۆی لەگەل کێشەکانی پەیوەندی رەگەزەکان سەرقاڵ ببێت. ئێمە دەمانەوێ شوێنکارێك بۆ ئیشی دەستی رێکبخەین کە نەك تەنها ئەو توانایە بۆمان بڕخسێنێ، ناخمان رازی بکەین، بەڵکو شانسێکمان بۆ واڵا بکات لەگەل ژنانی تر گفتگۆ بکەین.

پرسیار: تا چ رادەیەك بزووتنەوەی سەندیکایی لاواز بووە؟

لیلیانە: لە راستیدا بە توندی لێدراوە، بەڵام هۆمان بەدەستەیەوە بۆ ئەوەی هیوامان هەبێ، چونکە لە زۆر شوێندا مرۆڤەکان هەوڵدەدەن شتێك بکەن. ئەوەی لەم پەیوەستەدا زیاتر مێشکمی داگیرکردووە ئەو راستییەیە کە ئێمە وەك سەندیکا زۆر پەرتەوازین و هەر سەندیکایەك رەهەندی خۆیی هەیە لەو بارەیە هەیە دەبێ چۆن چۆنی سەرجەم سەندیکاکان کار بکەن. ئێمە دەبێ پرۆسەی ئەم پەرتەوازبوونە کۆتایی پێبهێنین.

رۆژیتا: لەم کاتەدا ئێمە لەم گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پەیوەندی کاردا دەژێین. ئەم گۆڕانکارییانە بزووتنەوەی سەندیکایی ئەفلیج دەکات. ئێمە ئێستا جۆرێکی تر دەبینین لە خاوەن کار و رووبەڕووی بەرپرسێکی تر لە خاوەن کار دەبینەوە. شانبەشانی ئەوەش دەستور و رێکخستنی سەندیکایی زۆر کۆن دێتە پاڵی. سەندیکاکان تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان لەگەل ئەم بارودۆخە نوێیانە بگونجێنن. ئێمە چۆن دەتوانین نوێنەرایەتییەکی کارتێکەرانە بکەین بۆ کرێکارانی نێوماڵان یان بۆ ئەوانەی لە کەرتە نارەسمییەکان کار دەکەن؟ چۆن دەتوانین نوێنەرایەتی کرێکاران رێکبخەین کە گرێبەندی کارکردنیان تەنها بۆ مانگێك تا دوو مانگ یان سێ مانگە و پاشان بێکاردەبن؟...

## گفتوگۆ لەگەل ئۆستا ئەنوەر٭
## (ئەندامی لیژنەی باڵای سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لە شاری سلیمانی)



پرسیار: لە وڵاتانی تر هەر سەندیکایەك پەیڕەوی ناوخۆی هەیە. ئەی ئێوە؟

وڵام: نەخێر ئێمە نیمانە.

پرسیار: ئەگەر کرێکارێك لەسەر کار بریندار یان نەخۆش ببێ، کرێی رۆژانی نەخۆشی پێدەدەن؟

وڵام: لە بواری بیناسازی نەخێر، بەڵام رەنگە کۆمپانییە ئەهلییەکان ئەو کارەبکەن وبەدڵنیاییەوە لە کەرتە حکومییەکاندا، کرێکاران، کرێی کار بۆ رۆژانی نەخۆشی یان برینداربوونیان خەرجدەکرێت.

پرسیار: ئەی ئەگەر کرێکارەکە بریندار بوو یان گیانی لەدەستدا؟

وڵام: خۆشبەختانە ئەگەر کرێکارێك بریندار ببێ بە خۆڕایی لە نەخۆشخانەی شۆڕش چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر کرێکارێك گیان لەدەست بدات، هیچی بۆ ناکرێت، تەنانەت منداڵ و

هاوسەرەکەیشی، لە ماف ڕەوای خانەنشینی بێبەشدەبن. ئێمە دەبێ بە خۆمان لەپێناو دابینکردنی بیمە کۆمەڵایەتییەکان، دەنگ هەڵبڕین...

پرسیار: کەواتە ئێوە لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان بێبەشن؟

وڵام: بەڵێ بێبەشکراوین. ئێمە بەهێزی بازوومان سەددان هەزار تەلارو خانوو درووستدەکەین، کەچی خاوەنەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایەدارەکانی"نەتەوە"کەمان، سەرەتاییترین ماف کە بەشێکە لە مافە دیموکراسییەکان، پێ ڕەوانابینن، کەچی سەری زار و بنی زاریان(ماف مرۆڤ، دیموکراسی و مەدەنییەتە)!!

پرسیار: رۆژانەی کرێکاری بیناسازی چەندە؟

وڵام: 20-25هەزار دینار.

پرسیار: ئەم بڕە پارەیە بەشی ژیانی رۆژانەی خۆیان و خێزانەکانیان دەکات؟

وڵام: بەڵێ، ئەگەر کرێکارەکە هەموو رۆژێك کاری هەبێت، بەشیدەکات.

پرسیار: بەهۆی شەڕی مەزهەبی کۆنەپەرەستانەی رەوتە ئیسلامی و بەعسییەکان، زۆر کرێکاری عەرەب، هێزی بازوویان لە کوردستان دەفرۆشن. ئەم بارودۆخە نوێیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وڵام: نەك تەنها کرێکاری عەرەب، بەڵکو کرێکاری ئێرانی، ئەفغانی و(تورکیا)ش روویان کردووەتە کوردستان. ئاشکرایە کار لە هەرکوێ بێت، خاوەنەکانی هێزی بازوو روو لەوێ دەکەن. بۆ نموونە کاتێ دکتاتۆرییەتی فاشیستی بەعس فەرمانڕەوا بوو و ژیانی لە خەڵکی کوردستان تاڵ کرد، سەددان هەزار هاوڵاتی کورد لە پێناو دابینکردنی نان و ئازادی هەناسەدان، ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەر. ئیمڕۆ بازاری کار و ئاسایش لە کوردستان بەهێزەو کرێکاران دەتوانن لێرە بەبێ ترس لە کوشتن، هێزی بازووی خۆیان دەفرۆشن.




پرسیار: کرێی کاری رۆژانەیان وەك کرێی کاری کرێکارە کوردەکانە؟

وڵام: نەخێر. ئەوانە 5هەزار دینار کەمتریان پێدەدرێت!

پرسیار: لە کوێ دەخەون و پشوو دەدەن؟

وڵام: هەندێکیان لە هوتێل یان لە سەرجارەکان یان لە شوێنی کارەکانیانیاندا پشوو دەدەن و دەخەون.

پرسیار: ئایا رەفتاری رەگەزپەرەستانە لەگەڵ کرێکارە عەرەبەکان دەکرێت؟

وڵام: بەداخەوە دەبێ بڵێم بەڵێ و چەندین جار کرێکاری کورد دەستدرێژی لە کرێکارە عەرەب کردووە.

پرسیار: بۆچی دەستدرێژیان لێ کراوە؟

وڵام: لەبەر ئەوەی دەڵێن، کرێکارە عەرەبەکان بوونە هۆی دابەزینی کرێی رۆژانەیان.

((واتە وەك بیانووی نازییە ئەلمانەکان کە دەڵێن پەنابەرو کرێکارە دەرەکییەکان بوونە هۆی بێکاری ئەلمانەکان و هەرزانبوونی کرێی کار لە وڵاتەکەیان))

پرسیار: سەندیکاکەتان لەم بارەیەوە چی دەکات؟

وڵام: سەندیکاکەمان بەمانای خۆی سەندیکا نییە، لەبەر ئەوەی بەشێوەی بەرەیی درووستبووەو زیاتر لە رێکخراوە دیموکراتییەکانی(ی.ن.ك)وە فەرمان وەردەگرن و لە ژێر چاودێری ئەوان، کاردەکەن. هەرچەندە هەڵبژاردن لە هەندێ ڕشتە و لیژنەی سەندیکاییدا کراوە، بەڵام هەر ئەو کەسانە دەردەچن کە حزبەکان ئەیانپاڵن. کاندیدەکان لەلایەن حزبەکانەوە دیاریدەکرێن و ئەندامەکانی ئەو حزبە دەبێ دەنگ بەو کەسانە بدەن کە حزبەکەیان بۆیانیان دیاری کردووە.

لەم بارەیەوە، پێشی چەند مانگێك سەندیکای بیناسازی دەستی کرد بە ئیمزاکۆکردنەوە لە دژی کرێکارە عەرەبەکان، بەڵام چەند کەسێکی پێشکەوتووخوازو مرۆڤدۆستی ناو سەندیکاکەمان، بەرپەرچیانی دایەوەو ئەوانیش خۆشبەختانە وازیانهێنا لە کارەکەیان و ئێستا ئەو ئیمزایانە لەناو چەکمەچەکانی سەندیکاکەمان ماونەتەوە.

پرسیار: پێتان وایە ئەو ئیمزاکۆکردنەوە، هەنگاوێکی رەگەزپەرەستانەیە؟

وڵام: بەڵێ و بۆیە ئێمە لە دژیان راوەستاین و لە رۆژنامەی(کار-ئۆرگانی سەندیکایە-)، رەخنەمان لێ گرتن و ئەوانیش لەژێرکارتێکردنی ئەو وتارانە، ئیمزاکانیان بۆ رۆژی تەنگانە هەڵگرتووە!

کۆچکردنی دیاردەیەك نییە تەنها رووی لە کوردستان کردبێت. خاوەنی هێزی بازوو بیر لەو پەڕی ئاسیا تا ئەوپەڕی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و خودی وڵاتە ئۆروپییەکان، بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان هەمیشە لە جووڵەدان و گیانیان دەخەنە مەترسی و سنوورەکان دەبەزێنن، رێك وەك هەر خاوەن کاڵایەکی تر بۆ بازاڕ دەگەڕێن. چەند ساڵێك لەمەوبەر هەمان ئەو کرێکارانە کە ئیمزایان کۆکردووەتەوە لە دژی کرێکارێکیتر، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان، بەخۆیان روویان دەکردە ئێران و وڵاتانیتر؛ بەخۆیان بۆ کارکردن، ئەم سنوورو ئەو سنووریان دەبەزاند، ئێستا بە چ ویژدانێك لە دژی هاوچینەکەیان ناڕەزایەتی دەردەبڕن؟




پرسیار: سەندیکا چی بکات لە دژی ئەو دیاردەیە؟

وڵام: لەلایەکەوە دەبێ بیر لە هەڵوێستی رەگەزپەرەستانەی نازیفاشتی و راستڕەوەکانی وڵاتانی ئۆروپا بکەین لە دژی پەنابەران و کۆچبەرانی کورد و غەیرە کورد((بۆ ئاگاداریت پێش چەند رۆژێك، حکومەتی بەریتانیا بە زۆرەملی37پەنابەری کورد لە وڵاتەکەیان دەرکرد))، لەلایەکیتریش دەبێ سەندیکاو حکومەت و راگەیاندنەکان بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانەو هاوچەرخی جۆراوجۆر، رەوتار لەگەڵ کرێکارانی نەتەوەکانیتر بکەن و شەرمەزاری شۆفێنیزم و رەگەزپەرستیمان بۆ نەهێنن.

پرسیار: زۆرجار لە میدیاکان باس لە کۆتاییهاتنی ململانی چینایەتی دەکرێت و خاوەنەکانی ئەم بۆچوونە دەڵێن، ئێستا ململانی کلتورەکان زاڵە. ئایا ئەمە راستە؟

وڵام: نەخێر و هەرگیز ئەو ململانییە کۆتایی پێنایەت تا سەرمایەدار، کۆمپانییەفرەڕەگەزەکان و موڵکایەتی تایبەتی مابێت. بۆ نموونە ململانی چینایەتی لە کوردستان هێشتا لەسەرەتای هەنگاوناندایەو لەو بڕوایەم کە دەیەی داهاتوو، دەبێتە دەیەی پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی، چونکە بانقی دراوی جیهانی و کۆمپانییە فرەڕەگەزەکان تازە پێدەنێنە کوردستان و عیراق.

ئەوانەی پێیان وایە ململانی چینایەتی کۆتایی پێهاتووە، زۆر ساویلکەن! من لێرە چەند پرسیارێکی ساکار ئاراستەی ئەو جۆرە کەسانە دەکەم:

ئایا کارەبای ماڵی سەرمایەدار، بازرگان و دەسەلاتدارەکان وەك کارەبای ماڵە هەژارەکانن؟ لەگەل کارەبا کوژانە، دیمەنێکی بارودۆخی چینایەتی خۆیمان پیشاندەدا، هەروا نەك تەنها کارەبا، فەرمون بڕوانن بۆ تەلار، ئۆتۆمبیل، جلوبەرگ، رەوتار، شێوەی قسەکردن، بابەت، دانیشتنی ئێوارە، خۆراك، بۆن، سەفرەکانیان بۆ وڵاتانیتر و ژنەکانیان...هتد! من بەزەییم بەو کەسانە دێت کە ناوی قەبەی"رۆشنبیر"یان لە خۆ ناوە، کەچی لەم بارەیەوە وشەیەك دەرنابڕن! با ئەو ساویلکانە چاوو گوێیان بکەنەوەو ئاوڕێك لە خۆپیشانداندان و مانگرتن ملیونان کرێکار، قوتابی، فەرمانبەری ئیدارەکان بدەنەوە کە لەسەرتاپای جیهان بەرگری لە مافەکانیان دەکەن و لەدژی سیاسەتی جیهانگیری و لیبڕالیزمی نوێ و ژیانێکی ئاشتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، خەبات دەکەن.

ئەم چاوپێکەوتنە لە 2006/9/12 لە سلیمانی سازدرا

سەلام عەبدوڵا 07701929872 dwaroj@yahoo.de

- ئەنوەر غەریب ساڵح، لەدایکبووی 1961لە سلیمانی و باوکی 3 منداڵە(رەوەز، رەوەند، رەهەند). کاك ئەنوەر نزیکەی 25ساڵە کرێکاری بیناسازییەو ئێستا وەك ئۆستا کاردەکات.



**کورتە هەواڵ** 9/16، تایوان(:**Taipeh**)، کەمپینی دژ بە حکومەتی(CHEN)درێژەی هەیە و دوێنێ 000 300کەس دوبارە لە خۆپیشانەکەیان داوای دەستکشانەوەی کرد. لەم خۆپیشاندانەدا هێرشکرایە سەر رۆژنامەنووسانی کەناڵێکی تەلەفزیونی کە هەڵویستی رەخنەگرانەی هەیە لە حکومەت.

کۆریای باشوور(**Pohang**)، پاش 75رۆژ لە مانگرتنی کرێکارانی بیناسازی لە کۆمپانیای(pOSCO)و سەرەڕای گفتوگۆکردن لە نێوان خاوەن کار و سەندیکا، هێشتا هەر کۆتایی پێنەهاتووە، 64٪ی ئەندامانی سەندیکاکە لە دژی رێکەوتنەکە راوەستاون.

ئەندونیسیا(**Kudus**)، سەددان کرێکار لە کۆمپانیای جگرە(PT Djarum) مانیانگرتووە لە دژی درێژەپێدان بە کاری تایبەت کە کرێی کاری کەمتر وەردەگرن. 1000کرێکاری ژن لە بەشی پاکێتی دوو کارگەیان یەکیانگرتووە تا کاڵاکان بێکەڵ ببن. یەکێك لە کارگەکان مانیان گرت و هەوڵیان دا بۆ ئەوەی کارگەی تریش مان بگرن و دەستیان بەسەر هەموو ئۆتۆمبیلەکان گرت تا کاڵاکان لە کارگەکە دەرنەکرێت.

فلپین، دووبارە لە 9/12دا، چالاکی سەندیکای گواستنەوە کرێکار(NemesioAquino)، لەکاتی دەرچوونی لە بیرۆی پەیوەندییەکانی کار لە ناوچەی(لاگونا) لەلایەن نەناسراوێکەوە گولەباران کرا. شایانی باسە هەر لەم ماوەیەدا، هەوڵی کوشتنی سکرتێری سەندیکای کارگەی ئۆتۆمبیلی(هوندا)، درا.

سەنگافور، پارێزەرانی ماڤی مرۆڤ بانگەوازی بایکۆتی کۆبوونەوەی سەنوقی دراوی جیهانی دەکەن
لە سەنگافور رۆژی کۆبوونەوەی ساڵانەی سەنوقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی دەستیپێکردو 000 24نوێنەر لە 184دەوڵەت تێدا بەشداریان کرد, 163گروپی پاراستنی ماڤی مرۆڤ بانگەوازی بایکۆتکردنی ئەم کۆبوونەوەیانە کرد، چونکە حکومەتی سەنگافور چالاکەکانی دژ بە کۆبوونەوەی ناوبراو دەستگیر کردووە و رێگای نەداوە بە زۆر کەس لە گروپەکەیان، بۆ وڵاتەکەیان سەفەر بکەن. لە سەنگافور ماڤی ئازادی خۆپیشاندان و بیروڕای ئازاد نییە. کۆبوونەوەی سەندوقی دراو و بانقی جیهانی لەم وڵاتە، پەردە لەسەر لاف گەزاڤی دیموکراسییان هەڵدەماڵێ.
سویسرا،
سەندیکای(Unia)ی سویسری داوا دەکات کە کرێی کار بۆ کرێکارانی کەرتی ئاسنسازی 4٪زیاد بکرێت و هەروا داوادەکات کرێی کاری ژنە کرێکارەکان دوو بەرابەر زیاد بکرێت تا بگاتە ئاستی کرێی کاری پیاوان.

فۆڵکس ڤاگن لە بەرازیل،



پاش 5رۆژ لە مانگرتنی کرێکاران لە کارگەی فۆڵکس ڤاگن لە(Sao Bernardo do Campo)، بەرێوبەرایتی کۆمپانیای ناوبراو پاشگەز بووەوە لە دەرکردنی 1800کرێکار. شەرکەتی فۆڵکس ڤاگن دەیانەوێت تا ساڵی 2008، 6000شوێنی کار لە کۆی 22000، لەناو ببات.

## 5 کوژراو بە هۆی پاشەڕۆی ژەهراوی هۆڵەندا

له وڵاتی(ئێلفنباین کویسته)له رۆژئاوای ئەفریقا، 5 کەس گیانیان لەدەستدا لەبەر ئەوەی هۆڵەندا پاشەڕۆی ژەهراوی بۆ لەو وڵاتە دادەگرێت. تا ئێستا 400 تۆن لەو پاشەڕۆیە لە 9 شوێنی بەدەوری پایتەختی وڵاتەکە داگرتووە. 6000کەس لە دیاردەی نەخۆشی ژەهراوبوون دەناڵێنن. بە هۆی نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکەکە دەبێ حکومەت دەست لەکار بکێشێتەوە.

# .... یان دڕندایەتی!

له وڵاته رۆژهەڵاتییەکاندا هەموو جۆره بەرەڵایی، تاوانکاری و چەوسانەوەیەك له دژی ژنان ئەنجام دەدرێ، کەچی به رۆژئاوا دەڵێن بەرەڵا، بێ رەوشت و چەوسێنەر؛ له وڵاته رۆژئاواییەکانیشدا هەموو جۆره بەرەڵایی، هەموو جۆره بەرەڵایی، تاوانکاری و چەوساندنەوه له دژی ژنان ئەنجام دەدرێ، کەچی به رۆژهەڵات دەڵێن بەرەڵا، بێ رەوشت و چەوسێنەر!

ئایا دەسەڵاتی باوکسالاری رۆژهەڵات له باوکسالاری رۆژئاوا باشتره؟مرۆڤدۆستتره؟ئایا رێگاچارەیەکی مرۆییانەتر هەیه بۆ ژیانێك بەبێ تاوانکاری باوکسالاری؟ بۆچی زۆربەی راگەیاندنه کوردییەکان بێدەنگیان هەڵبژاردووه لەبارەی تاوانی باوکسالاری رۆژئاوا؟ ئایا ئەو بێدەنگییه هەوڵێك نییه بۆ بەردەپۆشکردنی نیوەی راستییەکانیتر؟ بێگومان مانا، شێوه، زمان و کردارەکانی ئەو چەوساندنەوەیه لەم لایەن یان ئەو لایەن گەرچی له سەرئەنجامدا قوربانییەکان هەر رەگەزی مێیه، بەڵام هەر جیاوازییەکیان هەیه. ئایا ئەرکی ئێمه نییه پێناسەو دیاردەکان دەستنیشان بکەین؟ ئایا ئەرکی لایەنگرانی مافی یەکسانی ژن و پیاو ئەوه نییه هەوڵبدەن هەموو راستییەکان پیشانبدەن و به جورئەتەوه بەرگری له ئەڵتەرناتیڤێکی مرۆیانەتر بکەن؟

بەداخەوه تەنانەت هەندێ رێکخراوی ژنان و فێمینیستیش هەیه، نایانەوێ هەموو راستییەکان دەربخەن، چونکه ئەو کاته خودی حزبەکانی خۆیان رسوادەکەن. لەوانەیشه هەندێ کەسیش هەبێ له نەزانییەوه بڵێن: ئەو جۆره تاوانانه له ئۆروپا دەکرێت، بەدەگمەن روودەدەن...بەئێمه چی...ئێمه کێشەیەکیترمان هەیه!!...هتد. راڤەکردنی و بیروڕاگۆڕین لەم بارەیەوه هەوڵێکیتره بۆ هەنگاونان بۆ پێشەوەو دەبێ وڵاممان هەبێ!

ناتاشا کەمپوش(18ساڵ): من خەون بەوه دەبینم، سەری بپەڕێنم





ڤییەنا: بەدرێژایی 8ساڵ رفێنراو له سوچێکی تاریکدا شاردراوەتەوه. ئێستا بۆ یەکەم جاره به هوشیاری و تواناو جورئەتەوه لەبارەی ترس، توڕیی و هەڵهاتنی بۆ رۆژنامەی(WAZ)دوا.

پرسیار: چ جۆره هەستێکتان هەیه کاتێك بیر له 8ساڵی رابردووتان دەکەنەوه؟

کەمپوش: من هەمیشه و بەبەردەوام پرسیارم لەخۆم دەکرد، بۆچی لەناو ملیونان مرۆڤ، رێك من توشی رفاندن ببم. من هەمیشه ئەم بیرۆکەیەم هەبوو: بەدڵنیاییەوه من

بۆ ئەوە لەدایك نەبووم تا زیندانی بکرێم وهەموو ژیانم وێران بکرێت. من تووشی گومان بووم لەم نارەوایەتییە...

پرسیار: لەبارەی خۆدەربازکردنتان-ئایا خۆرسکانە بوو یان پیلانت بۆ دارشتبوو؟

کەمپوش: لە تەمەنی12ساڵیدا خەوم بەوە دەبینی لە تەمەنی15ساڵیدا یان هەر کاتێك بێت، وەختێ بە گوێرەی پێویست بەهێز دەبم، خوم لە زیندانەکەم، رزگار بکەم. نەخێر من پیلانم دانەرشتبوو و زۆر خۆرسکان بوو. ئەو رۆژە لەپشت ماڵەکەوە بەسەر دەرگای باخچەکەوە پەریمەوە و سەرم گێژبوو و بۆ یەکەم جارە هەستم کرد بەوەی کە لە راستیدا زۆر لاوازم. کاتێ ئەو خەریکی تەلەفۆنکردن بوو، رامکرد و بە شەڵەژانێکەوە لەناو باخچە بچووکەکاندا رامکرد و بە خەڵکەکەم وت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن، بەڵام ئەوان مۆبایلیان پێ نەبوو و هەر شانیان بۆ من هەڵدەتەکان و بەرێگای خۆیان دەرۆیشتن. و پاشان وەك (ئەکشن فیلم)، هەر بە شەڵەژانەوە بەسەر پەرژینی باخچەکان دەپەریمەوە. بیهێننەبەر چاوتان: هەر دەکۆکیم تا ژنێکم بینی لەبەردەم ەپەنجەرەیەکی کراوە وپێم وت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات...

پرسیار: تۆ چۆن لەگەل ئەو تەنهاییە راهاتی؟

کەمپوش: من هەستم بە تەنهایی نەکردو هیواو بروام بە دوارۆژ هەبوو....



کاتێ میدیاکان هەواڵی(ناتاشا)یان بڵاوکردەوە، کچێکیتر بەناوی(کاتیا مامانتۆڤا، 19ساڵ) هاتە گۆو وتی: "منیش وەك ناتاشا رفێنرانم و زیندانیکرام". ئەم کچە لەگەل کچە رەفیقەکەی(لینا)، پێکەوە رفێنران. رفاندنی ئەم دوو کچە، 4 ساڵی خایاندو تاوانیارەکە لە ژێرخانەکەیدا توندیانی کردبوو و وەك کویلەی سێکس مامەلەی لەگەلیان دەکرد...

## لەشفرۆشی: دەوڵەتێکی بێ رەوشت

ئابرووچون: فەرمانبەرانی کار لە ئەلمانیا، لەشفرۆش و بێکاران بۆ خانەکانی لەشفرۆشی دەنێرن.

حاڵەتی ژمارە یەك: خانمی بێکار(تیپا ئێس.، تەمەن40ساڵ) نامەیەکی بۆ هاتووە و تێدا پێشاری دەکەن لە(ئاژانسێکی میدیا لە بواری ئیرۆتیك) کار بکات. خانم تیپا سەری سوورماوە لەو پێشنیارە، چونکە دایکی دوو منداڵە و تەنیا منداڵەکانی بەخێو دەکات و لەترسی ئەوەی کۆمەکی بێکاری لێ ببرن، ناچار دەبێت بۆ لەلای ئەو"ئاژانسە" بروات. لەوێ بۆی روودەکەنەوە کە دەبێ لە لەشفرۆشخانەکانی ئاخن، دیسلدۆرف و کوێلن لەشفرۆشەکان ئارایش بکات بۆ پلاتفۆرمی ئینترنێت و لەپاڵیشییەوە ئاساییە دەبێ کەسایەتی و لەشی لە خزمەتدا بێت. خانم تیپا ئێس. بە بێزارییەوە بەرپەرچی ئەو ئیشە دەکات و ئاگاداری راگەیاندنەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی دەکات.... (لە گۆڤاری ئیما-گۆڤارێکی فێمنیستییە)وە وەرگیراوە



# جیهانی گدرون شیمان

ئەمە ناوی ئەو وتارەیە کە لە گۆڤاری(ئیما)بلاوکراوەتەوە.

سەیرە! لە وڵاتی سوید کە دەمێکە بەناوی وڵاتی دایکان ناسراوە، ژنێك بۆ مافی یەکسانی ژن و پیاو و لەدژی سێکسیزم و زەبروزەنگ دژی ژنان خەباتدەکات.

جۆهانس گامیلشێگ لە وتارێکدا لە گۆڤاری(ئیما) لەبارەی شیدمانەوە دەنووسێ: بۆچی فێمینستی ناسراو کە وەك خانمی پرنس ڤیکتۆریا خۆشەویستە، حزبی ژنان دادەمەزراندووەو حزبەکانی تر بۆ هەڵبژاردنی ساڵی2006لێی دەترسن. لەوانەیە ئەوەی باسی باوکسالاری یان چەوسانەوەی ژنان دەکات، زیاتر بیری بۆ ئەفغانستانی تالەبانەکان بڕوات، نەك بۆ سویدی ئازادی. بەڵام بۆ گدرون شیمان جیاوازییەکان زۆر گەورە نین، چونکە هەمان سترکتوریان هەیە، وەك سیاسەتمەداری سویدی تەمەن58ساڵ دەڵێ: لەبەر ئەوەی پیاوان، ژنان بێبەش دەکەن.

گدرون لەبەر"وتاری تالەبان" ئەوەندەی تر نێوبانگی دەرکرد؛ کاتی خۆی داوای"باج لەسەر پیاوان"ی دەکرد بۆ ئەوەی خەرجی سەرئەنجامی زەبروزەنگی پیاوان لە دژی ژنان و منداڵان پڕبکرێتەوە. ئەمە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بوو کە وای کرد شیمان ببێت بە گرنگترین خاوەن بیروڕا لە وڵاتەکە.

شیمان پڕاوپڕ هۆی بەدەستەوەیە بۆ دامەزراندنی حزبی فێمنستی کە پیاوانیش قبوڵدەکەن، بۆ نموونە لە کاری پیاوانەدا، پیاوان 400ئۆیرۆ زیاتر لە ژنان وەردەگرن و ئەو کارانەش هەر لەلایەن ژنانیشەوە ئەنجامدەدرێ، یان تەرخانکردنی کاری کاتی بۆ ژنان و پەخشکردنی ریکلامی سێکسی لەسەرتاپای شەقامی وڵاتەکەی یان زەبروزەنگی جۆراودۆر لە دژی ژنان...هتد.

لەبارەی پرسیاری- سایتی دی پرێسە. کۆم: مافی تەواوی ژن و پیاو لە سوید هەیە؟

گدرون دەڵێ: لە هەموو شوێنێك وای دەگێڕنەوە، بەڵام ئەوە هەرگیز وا نییە، ژنان وەك پیاوان، هەمان شانسانیان نییە...



هەروا دەڵێ: پوولی نییە...بیرۆکەی جانتاکەی دەستییەو بە پێکەنینەوە ئاماژە بۆ مۆبایلەکەی دەکات.

لەبەر تێنەگەیشتن لەم ژنە خەباتگێڕە، تومەتی دژایەتیکردنی پیاوان دەخەنە ئەستۆی، بەڵام ئەم خانمە بە رووح سوکییەکەوە بەم شێوەیە وڵامی ئەو جۆرە تۆمەتانە دەداتەوە: (من لەوە تێناگەم- من درێژە دەدەم بە تاشینی ژێرباڵ و خۆشەویستی پیاوان)

شیمان لەلایەن کەسایەتی رۆشنبیری بەهێزی سوید پشتیوانی دەکرێت، بۆ نموونە(تیلینا رۆزنبێرگ- مامۆستا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم). رۆزنبێرگ سەرمایە و باوکسالاری بە چومکێك دەزانێ و پێی وایە دەبێ هەردووکیان لەناوببرێن.

شایانی باسە، ئەکتەری بەناوبانگی هۆلیود(جین فۆندا) و ژنەنووسەری ئەمریکی(ئیڤا ئێنسلە) لەپێناو بەهێزکردنی رێکخراوەکەی گدرون(فێمنیستیکت ئینتسیەتیف) پشتیوانی خۆیانیان راگەیاند، چونکە ئەم رێکخراوە لە 2008/9/17دا بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات(سەرچاوە: سایتی ستاندار).

گفتوگۆ لە گەل-نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، چونکە بۆی نییە بەبێ ئاگاداری بەرپرسەکانی لەبارەی کاروباری بەڕێوبەرایەتییەکە قسە بکات-، یاریدەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی خێزانە لە بەڕێوبەرایەتی گەنجان لە ئەلمانیا). ئەم خانمە11 ساڵە لەم بوارە کاردەکات.

پرسیار : لە گەیەوە لەم بوارە کار دەکەن؛

وڵام: من 11ساڵە لەم بوارە کار دەکەم.

پرسیار: لەو ناوچەیە کار دەکەی، چەند خێزان پێویستیان بە هاریکاری ئێوە هەیە؟

وڵام: ئێمە28کەسین لەم بوارە ئیشدەکەین و نزیکەی80خێزان((واتە 350کەس)) پێویستیان بە یارمەتی ئێمە هەیە.

پرسیار: کێشەی ئەو کەسانە چییە؟

وڵام: زۆر جیاوازن! لەو باوەڕەم کێشە گەورەکەیان پەیوەندی بە شێوەی پەروەرکردنەوە هەیە، چونکە رووبەڕووی منداڵ و گەنجان دەبنەوە. زۆر سەختە ئەم پرسیارە وڵام بدرێتەوە، چونکە لە هەر خێزانێك كێشەیە هەیە. لەلای ئێمە پێی دەوترێت(قەیرانی ستروکتور). مەبەستم ئەوەیە، خێزانەکان دێن بۆ لای ئێمە و باسی قەیرانەکەیان دەکەن و ئێمە پێکەوە لە گەڵیاندا پیلانی هاریکاریکردن دادەڕێژین و خێزانەکان بە ئێمە دەڵێن ئەمە کێشەو ئامانجەکەمانە. ئەوجا ئێمە دەچین بۆ ناو خێزانەکان وهەوڵدەدەین بە گوێرەی پیلان ئامانجەکەیان بپێکین. نەخشەکە تەنها رووکەشی کێشەکان دەردەخا، بەڵام لە کاتی کارکردندا، کێشەکان روونتر دەبنەوە. گرنگ ئەوەیە یەکێك لە دەرەوەی خێزانەکە ئەو بوارەی پێ بدرێ هەموو لایەنی پەیوەندییەکانی خێزانەکە بناسێت و دیاری بکرێت. ئەمە لایەنی تایبەتی خێزانەکانە و بە پێی یاسا پارێزراوە، بۆیە من سەیرم لێ دێت، ئەو بوارە بۆ ئێمەومانان دەکرێتەوە و هەموو شتێك لەبارەی خێزانەکەوە دەزانین.

پرسیار: بەڵام ئێوە دەتوانن ناوی جۆری کێشەکان بهێنن! وا نییە؟

وڵام: بەڵێ وایە. بۆ نموونە: پیاوێك تەماشای فیلمی پۆڕنۆ دەکات و دەبینێ پیاوەکە دەستی دەخاتە ناو ((ڤاگینەی)) ژنەکە و دەیەوێ ئەم کارە قیزەوەنە لەگەل هاوسەرەکەی تاقی بکاتەوە!!... باوکەکە ئەلکوهولیکەیە...نەخۆشی دەروونی لەناو خێزانەکان..... دەستدرێژی بۆ منداڵان، خێزانی زۆر کەنج(ژنەکە یان پیاوەکە 16 یان 17ساڵن) کە هێشتا خۆیان منداڵن. ئەمانە هێشتا نازانن بەرپرسیارییەتی لەبەرامبەر کەسانێ چییە. ئەمانە دەبێ یەکەم جار فێری پێداویستییەکانی منداڵ بکرێن، مەبەستم گۆڕینی دایبی نییە، بەڵکو داخوازییەکانی منداڵ. منداڵان گەورەترین قوربانین لەناو ئەم خێزانانە.

پرسیار: رێژەی دەستدرێژی دژ بە ژنان و منداڵان چەندە لەم ناوچەیە؟

وڵام: ئەوە چەندین نەوەیە تێدەپڕێ کە زۆربەیان شاراوەن و بە شاراوەیی دەمێننەوە. ئەمە هەمان شتە لە بارەی زەبروزەنگ لەناو خێزانەکان.

پرسیار: ئەو حاڵەتانە کە تا ئێستا رووبەڕووی تۆ بونەتەوە، چی بوونە؟

وڵام: بەڵێ. نزیکەی 30 تا40٪ ی حاڵەتەکان پێکدەهێنن

پرسیار: چۆن دەکرێ ئەم زەبروزەنگە لەناو خێزان کەم بکرێتەوە یان لەناو ببرێت؟

وڵام: چارەسەرێکی سیحراویم نییە. یەکەم جار دەبێ پرسیار بکەین: بۆچی وایە، واتە بۆچی زەبروزەنگ لەناو خێزان بوونی هەیە؟!. پاشان کاتێ دەردەکەوێ پیاوەکە لە ژنەکە دەدا، دەبێ هۆکانی بزانین، ئەجا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. لەناو ئەم کۆمەڵگایە(مەبەستی کۆمەڵگای ئەلمانییە) لێدانی منداڵ شەرعییەتی هەیە، بۆ نموونە، منداڵ دەبێ بە قسەی دایکوباوکی بکات، دەنا لێدەدرێ.

لێرە زەبرووزەنگ شەرعییەتێکی پەروەردەیی هەیە بۆ لێدانی منداڵان، بەڵام نەک لە گشت خێزانێك.

پرسیار: تا چ رادەیەك ژنان لێرە ئازادن، یان بە شێوەیەکیتر پرسیار بکەم، کێشەکانی ژنان لە ئەلمانیا چییە؟؟

وڵام: لێرە توانایەکی زۆریان لەبەردەستە، بەڵام کێشەکە لەوێیە کە لە پراکتیزەکردنی ئەم توانایانە، سەخت دەبن و کێشەکان سەرهەڵدەدەن. تواناکان هەیە، بەڵام نەك بۆ هەموو، بۆ نموونە دەتوانین بخوێنین، بەڵام لە دواییدا کارمان دەستناکەوێت. ئەو ژنانەی یارمەتی بێکاری وەردەگرن، کاتێ پیاوەکان بەجێیان دەهێڵن، خانوویەکیان دەستناکەوێت بۆ خۆیان و منداڵەکان. بۆ نموونە ژنێك لەگەڵ دوو منداڵەکەی دەژێ، بەڵام 3 ژووریان هەیە، هەر منداڵێك ژوورێك وەردەگرێ و دایکەکە لە سەر سۆفاکە دەخەوێ و ناتوانێ کارەکانی خۆی بکات. نمونەیەکی تر ئەوەیە، نەوەی سێهەم لەسەر یارمەتی دەوڵەت دەژێن، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە! زۆر جار مرۆڤ پرسیار لەخۆی دەکات: من بۆچی بخوێنم، ئەگەر پاشان بێکار دەبم. یان بۆچی 10 سەعات کار بکەم بۆ 30 ئۆیرۆ، ئەگەر یارمەتی دەوڵەت بۆ رۆژێك، هەر30 ئۆیرۆ بێت؟ بە مەرجێ هەموو کەسێك 30ئۆرۆ یارمەتی وەرناگرێت و هەروەها ئەم برە یارمەتییە پێداویستییە سەرەتاییەکان پڕناکەنەوە. لە هەمان کاتدا ئەمە هۆیەکە بۆ ئەوەی ئاستی پەروەردە بۆ خوارەوە بڕوات!...

## سویسرا:




هەموو سویسرا تووشی شۆك بوون لەبەر تاوانێکی دڕندانە لە شارۆچکەی(رێزینوس-کانتۆنی گراوبوندن):

ئیمرۆ2006/8/30 ئاشکرابووەوە کە کە دوو قوتابی سەرەتایی لە تەمەنی(10 و 13)، کیژۆڵەیەکی تەمەن 5ساڵ زەوتکردووە.

ئەلبێرت لارگیادی(سەرۆك پارێزانی دەوڵەت) دوپاتی کردەوە کە هەردوو مێردمناڵەکە، لە باخچەیەکی نزیگ وێستگای شەمەندنەفەری شارەکە، کیژۆڵەکەیان زەوتکردووە. ئێستا هەردوو تاوانبارەکە لە قوتابخانە دوورخراونەتەوە و گەورەکەیان تیراپی-چارەسەر-دەکرێت، بەڵام لەبەر تەمەنیان سزانادرێن و کیژۆڵەکە و دایکوباوکی خزمەتی دەروونیان دەکرێت.

پسپۆڕە سویسرییەکان دەڵێن کە لە چەند ساڵی رابردوودا دەتوانین هێرشبردنی سێکسیانە لەلایەن منداڵ یان لاوەکانەوە لەسەر منداڵ و لاوانی ترەوە، ببینین...(رۆژنامەی بیڵد)

• پێش 18ڕۆژ له لویتش(بەلژیکا) دوو منداڵ وون










بوون(ستاسی، تەمەن 7ساڵ، ناتالی، تەمەن 10ساڵ)، بەڵام له 2006/6/30 لاشەی هەردووکیان دۆزرایەوە. هەردوو منداڵەکە بەدەست خنکێنراون و ناتالیا پێش خنکاندنی زەوتکرابوو. تاونبارەکە پیاوێکی مەغربییە(ئەبدوڵڵا ئەیت ئود، تەمەن 38ساڵ).

• له ئێرفورت(ئەلمانیا)، سیلڤانه ن. و کوڕەکەی لۆکاس(5ساڵ)، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەدەست خنکێنران. تاوانبارەکە 11ڕۆژ له گەل قوربانییەکانیدا لەناو ماڵەکەیان ژیاوە.



• مەکسیکۆ ستی: به گوێرەی لیژنەی تایبەتی پەرلەمانەوە، له 5ساڵی رابردوودا، 6000ژن کوژراون و رەخنەیان له حکومەت گرت لەبەر کەمتەرخی له بەدواچوونەوە لەبارەی ئەم کارەساتەو نووسیویانە: نه کوشتنەکان و نه حاڵەتی وونبوونی بێ شوێنەواری ژنەکان و نه سزانەدانی تاوانبارەکان بووە به کێشەیەکی قورسی مەکسیك.

• تورکیا: پسپۆڕێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەوێت له سەردانەکەیدا بۆ کوردستانی باکور لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی بەرزبوونی رێژەی خۆکوشتن و هەوڵی خۆکوشتن بکات. سۆسیولۆگ گولستان تاسکین سەر به سەنتەری زانیاری لەبارەی ژنان وتی لەسەرەتای ئەم ساڵەدا تا ئێستا ژمارەی خۆکوشتن و هەوڵی خۆکوشتنی ژنان بەرزبووەتەوە، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەوێت(یەکین ئێرکین)راپۆرتێکی تایبەت لەبارەی بابەتی زەبروزەنگ له دژی ژنان و هۆکارەکانی ئامادەبکات. له 6/29 یەکین بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە دەگاتە شاری باتمان. شایانی باسە، پێش چەندین ساڵ شاری باتمان له راگەیاندنەکاندا به>شاری خۆکوشتن<ناوبانگی دەرکردووە. به گوێری راپۆرتی(بی.بی.سی) هەر لەم ساڵدا 36هەوڵی خۆکوشتن ناونووسکراوە.

- **نیودلهی(هیندستان): به گوێری ئاماره رەسمییەكان لەبارەی تاوان، شاری نیودلهی بە ترسناكترین شوێن دانراوه بۆ ژنان. هەر 75دەقیقە، ژنێك دەكوژرێت؛ هەر نیو دەقەیەك ژنێك زەوتدەكرێت.**
- **لەشاری ڤین، (وەقف)ی نەمسا بۆ دانیشتوانی زەمین و پێكەوەكاركردنی جیهانی لە كۆنفراسێكیدا لە رۆژی دووشەمە، ئەم ئامارانەی خوارەوە بلاّوكردەوە: لەسەر ئاستی جیهان، لە هەر سێ ژن، ژنێكیان رووبەڕووی لێدان دەبێ، بە زۆرەملی ناچاری سێكسكردن دەكرێ یان بە شێوەیەك لە شێوەكان بە ناشرینی مامەڵەی لەتەكدا دەكرێت. 4 ژن كە خەڵكی رواندا، سەعودی عەرەبی، پاكستان و فلپین باسی بارودۆخی ژنانیان كرد لە وڵاتەكانیان. یوستینا مباباتسی كە یاساناسە لە بارەی وڵاتە ئەفریقییەكاندا وتی(ژنە زەوتكراوەكان لەلایەن خێزانەكانیانەوە لە ماڵەوە دەردەكرێن و ئەو منداڵانە كە بە رێگای زەوتكردنەوە، لەدایك دەبن، فڕێدەدرێن و بۆ چارەنووسی خۆیان بە جێیان دەهێڵن. د. مەها ئەلمەعروف لەبارەی سەعودیای عەرەبییەوە وتی: لە وڵاتەماندا، زۆربەی زەوتكردنەكان لەلایەن كەسانی نەناسەوە ئەنجام نادرێت، بەڵكو لەلایەن ئەندامەكانی ناو خودی خێزانەكانەوە ئەنجامدەدرێن.**
- **بەرلین(ئەلمانیا: نزیكەی 000 30ژن و كیژ لە ئەلمانیا قوربانی تاوانی خەتەنەكردنن. ئەم ژمارەیە بە گوێرەی قەبلاّندنی حكومەتی ئەلمانییە.**

**ئامادەكردنی سەلام عەبدلاّ**

dwaroj@yahoo.de

**لە ئەلمانییەوە بۆ كوردی**